**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين في بريطانيا**
**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-UK**

## ڕێکخراوی لێبوردنی نیو دەولەتی (ئەمنستی ئەنتەرناسیونال) گێرانەوەی بەزۆری پەنابەران بۆ عیراق بەپلانێکی خەتەرو و پێشیلکردنی بریارنامەی مافی مرۆڤ و مافی پەنابەری لەقەلەم دەدات

بەدوای پەیوەندی فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لەگەل بەریز (سەعد ئەبودوحە) بەرپرسی کاروباری رۆژهەلاتی ناوەراست لە ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی" ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال" و خستنەرووی بارودۆخی ناهەمواری پەنابەرانی کورد و عیراقی، لەبەر رۆشنایی سیاسەتیك کەحکومەتی بەریتانیا لەم ماوەیەی دوایدا گرتویەتیّ بەر، هاوکات بەدوای دواکردنی فیدراسیون بۆ دەخالەت کردنی ئەم ریکخراوەیە و فشارهینان بۆسەر حکومەتی بریتانیا، سەرەئەنجام ریکخراوی ناوبراو لەنامەیکدا کەلەرۆژی 26 / 8 / 2005 بلاوکراوەتەوە و وینەیەکیشی ئاراستەی دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیون کراوە، هەلویستی رۆشنی خۆی بەنیگەرانی دەربرین لەسیاسەتی حکومەتی بەریتانیا و پیداگری لەسەر نائەمن بوونی عیراق بەناوچە کوردنشینەکانیشەوە راگەیاند. لەونامەیەدا هاتووە:

"ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی_ئەمنستی ئەنتەرناسیونال– زۆر نیگەرانە بەرامبەر بەپلانی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی عیراقی بۆ ناوچە کورد نشینەکان ، کەئێمە بەئەمنی نازانیین ...گەرانەوەی پەنابەران بۆ عیراق غەیرە قانوونی یە ..."

شایانی باسە ریکخراوی لیبوردنی نیودەولەتی لەم نامەیەدا کەئاراستەی هەموو لقەکانی خۆی لەولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و تەواوی لایەنە سیاسی و پەیوەندیدارەکان کردووە باس لە ئاکامە زیان بارەکانی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەرانی عیراقی لەنیو بارودۆخە ناهەموار و دژواریەکانی عیراقدا دەکا و پیداگری لەسەر ئەوە دەکات کە عیراق وولاتیکی نائەمنەو رۆژانە بەهەموو مانایەك مافی ئینسانی تیا پیشیل دەکری. کوشتن ورفاندنی و تەقاندنەوەی هەموو رۆژە و هاوکات بەکارهینانی توندو تیژی و تعزیب و خراپی مامەلەکردن لەگەل زیندانەکان و گرتنی خەلّکی بیّ تاوان لەلایەن هیزەکانی ئەمریکاوە هەموویان نیشان ئەدەن کە عیراق ولاتیکی نائەمنە ، بەم هۆیەوەیە کە ریکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیونال هەنگاوی ناردنەوەی پەنابەران بەبریاریکی پیشیلکاری مافەکانی مرۆڤ دەزانی و داوا دەکات لەحکومەتی بریتانیا کەئەم سیاسەتەی خوی رابگری..

**فدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لەریزی پیشەوەی خواستەکانی پەنابەران راوەستاوە و بەهەموو توانایەوە تیدەکۆشیت بۆ بەرگرتن بە سیاسەتی بەزۆری گیرانەوەی پەنابەران ..**

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی\بەریتانیا**

**2005-9-17**

**www.federasion.org** **Tel:07734704742**